**ئێوارەی ڕۆژی 25-11-2004 ڕۆژی جیهانی دژ بە زەبرو زەنگ لە دژی ژنان , لە سەر ئاستی ئەڵمانیا ئاكسیونێك بەرێدەكرێ , لە ژێر ناوی ( ڕۆشناییەك بۆ هەر ژنێك).**
**ئێمە وەك دەنگەكان پێمان باش بوو لە وبارەیەوە , كە كێشەی ژنانە چەند پرسیارێك ئاراستەی چەند نوسەرێكی ژن و بەرگری كەرانی مافی ژنان بكەین .**

**دەنگەكان : ئایا دەسەلاتی دیموكراتی ئەتوانێت كۆتایی بە كێشەی چەوسانەوەی ژنان بهینیت ؟**

یەكیك لە كۆلەكە گرنگەكانی پەیوەندییە ئابووری و كۆمەلایەتییەكانی نیزامی سەرمایەداری ستەمكیشی و ژیردەستەیی ژنانە، لەم نیزامەدا كێشەكانی ژنان پەیوەندی تەواوی بە سود وقازانجی سەرمایەوە هەیە و لەریگەی كۆیلە كردنی ژنانەوە زامنی كەلەكەی سودو قازانجی پیٚ ئەكەن...
بەرای من دەسەلاتی دیموكراتی دەخالەتیكی رووكەشانەی خەلكییە لە حوكمرانیكردنی نیزامە دیموكراسییە لیبرالی و پەرلەمانییەكاندا، چونكە خودی دەخالەتی خەلكی لە دەسەلاتی سیاسیو پەسەند كردن و جیبەجی كردنی یاسادا ناتوانیت لەسەر بنەمای پەرلەمان و سیستمی دیموكراسی نوینەرایەتی دابمەزرینیٚ.
لە وولاتانیكدا كە سیستەمی دیموكراتی تیایدا كار ئەكات و ژنانیش ژمارەیەكی زۆر لە پۆستە بەرزەكانی دەولەتدا كار ئەكەن و تارادەیەك حساب بۆ كار و جیگا و ریگایان كراوە ، بەلام هیچ كات وەلامدەرەوە نەبوون بە وەستان و بنەبركردنی كیشەكانی ژنان ، چونكە وەك ووتم چارەسەری سەرەكی كیشەكانی ژنان لە نیزامیكی دیموكراتیدا نادرێتەوە كە یاساكانی نیزامی سەرمایەداری مۆتۆری سەرەكییە بۆ ئەم سستەمە لە حوكمرانی كردن ....

**دەنگەكان : چ ئەڵتەرناتیڤێكی واقیعی هەیە بۆ گەیشتن بە رزگاری ژنان ؟**

رزگاری ژنان بەندە بە رزگاری كۆمەلگاوە ، تا ئیستا هیچ كۆمەلگایەكی دنیا نییە تیایدا ژنان بەتەواوی لە موسیبەتەكانی ئەم نیزامە رزگاری بوویێت ، رزگاری ژنان لە ئەسارەتەكانی كۆمەلگای سەردەم بەندە بە ئاستی خەبات و تیكۆشان بۆ بەدیهینانی كۆمەلكایەكی ئازاد و یەكسان كە ئەمە مەیدانی سەرەكی خەباتی بزووتنەوەی كۆمۆنیزمی كریكاری و بنەمایەكی سەرەكی كۆمەلگای ئازادی سۆسیالیستییە وە بەردەوام بوون لەوەی شكلٚ وشێوەكانی خەبات بە ئاسۆ و ئەلتەرناتیڤی كۆمۆنیزمی كرێكارییەوەیە كە ئەتوانێت ژنان لە هەموو كێشەكانی رزگار بكات كە ئەو ئەلتەرناتیڤە لە بەرنامەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقدا بەرۆشنی خراوەتە روو ...
لە بەرنامەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریدا ژنان بە عنوانی ئینسان لەقەلەم ئەدرێن و بە هیچ چەشنە جیاكارییەك لە نیوان ژنان وپیاواندا قایل نییە، لەكاردا ، لە یاسادا لە ژیانی كۆمەلایەتی و باقی مەیدانەكانی تردا یەك جۆرە یاسا بۆ ژن و پیاو كارئەكات كە رێگەی نەداوە بە هیچ چەشنە جیاوازییەك ، لەم یاسایانەدا ئینسان ئەسلەو ژن بوون و پیاو بوون مانایەكی نییە ...
بەرای من تاقی كردنەوەكانی بزووتنەوەكانی ژنان ئەوەیان سەلماندوە غەیری ئەم ئەلتەرناتیڤە واقعییەی باسم كرد ، زۆر بە سادەیی و بە ئاسانی بەرهەمی خەباتی بزووتنەوەكانی ژنان ئەتوانرێت لەبار ببرێت وەك رۆژانە لە

زۆرجێگادا ئەمە ئەبینین... ئەگەر لە یاسای دەولەتدا دین لە دەولەت جیا بێت ، ژنان و پیاوان بە عنوانی ئینسان حساب بۆ کەرامەت و شەخسیەتیان بکرێت و جێگا بۆ هیچ چەشنە جیاوازیەك لە یاسادا نەکریتەوە هەلبەت ئەو کات کیشەکانی ژنان بنە بر ئەکرین و ئەمەش لە راستای بنیانانی کۆمەلگایەکی سۆسیالیستیدا بەدی دێت کە هەر بە ئیرادەی ئینسان ئەم کۆمەلگا خالی یە لە زەبر و ستەم بە ئەنجام دێت...

**دەنگەکان : کێشەی چەوساندنەوەی ژنان ناوچەییە یان جیهانی ، یان کەلتورو ئاین لە ئاستیدا بەرپرسیارە ، یان هەموویان ؟**

هەر بەو دەلیلەی خواست و مافەکانی ژنان لەهیچ شوینیکی حیهاندا بەتەواوی بەدەست نەهاتوە ئەم کیشانە جیهانین ، بەلام ئەوەی لیرەدا ئەبیت باس بکریت ئەوەیە کە لە هەموو وولاتانی دنیادا ئەوە دەولەتە بەرپرسیارە لە بەکۆیلە کردنی ژناندا ، یاسا شەخسی و مەدەنییەکان کە لە لایەن دەولەتەوە دائەنرین ژیانی ژنان دیاری ئەکەن ، وە هەر مافیکیش ژنان هەیانە ئەوا رادەی پیشکەوتنی بزووتنەوەی ژنان و هیزە رادیکالەکانی ئەو کۆمەلگایە دیاری ئەکات ، هیچ کات دەولەت بە دیاری مافەکانی ژنان دابەش ناکات بەسەرماندا ، بەلکو ئەوە رابەرانی بزووتنەوەی ژنانن کە ریکخەر و هیدایەتکەری بزووتنەوەکەیانن بۆ بەدەستهینانی مافە ئینسانییەکانیان..

کیشەکانی ژنان چ لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بێت یان جیهانی بێت هەرهەول و تەقەلاکانی سیاسەتی دەولەتانی سەرمایەدارییە وهەر دەولەتە تیایدا قازانج ئەکات و لە بەرژەونەندی راگرتن و مانەوەی دەسەلاتی چەوسینەری سەرمایەدارییدا ، بە نزم راگرتنی جێگا و ریگای ژنان لە کۆمەڵگادا و راگرتنی پلە دوویی ژنان ، حساب نەکردنی هێز و هەست و ئیرادەی ژنان ، بەکارهێنانی دین و دیانەتە جیاوازەکان لە پەیوەند بە یاساکانی شەخسی و مەدەنییەوە هەموو شکل و شێوازی جیاجیان بۆ مانەوەی دەستی رەشی سیستەمی سەرمایەداری لە ژیان و چارەنووسی ژناندا ، جا لە هەر دەولەتیکدا ئەگەر سستەمی لیبرالی بیت دیموکراتی و پەرلەمانی بێت یان ئیسلامی بیت .... ئەوا ئەم شکل و شیوەی چەوسانەوەیە ئەگوریت، دیارە ئەگەر سیستەمەکە ئیسلامی بێت ئەوا ژنان کۆیلەو ئەسیری قانونەکانی شەریعەتی ئیسلام ئەبن و توندو تیژییەك کە لەم قانونانەی شەریعەتی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتوە بەتەواوی دژە ئینسانی و شەرمەزارییە بۆ بەشەر کە تا ئیستا ئەم یاسایانە لە میژووی ژیانی بەشەردا نەك هەر وبوونی ماوە بەلکو رۆژانە زیندوو ئەبنەوەو تەنانەت لە ناوجەرگەی ئەوروپادا باوەشین ئەکرین و بەزۆر خۆیان ئەسەپینن بەسەر هەل و مەرج و گوزەرانی خەلکیدا...

ئەو توند و تیژییەوە کە دژ بە ژنان بەکار ئەهینریت لە خیزاندا ، لە شوینی کاردا تەنانەت لە هەندی وولاتدا لە شەقام و کۆلانەکاندا توندو تیژی دژ بە ژنان بەکاردێت ، توند و تیژی ژنان کراوەتە هۆکاریکی بەهیز بۆ بە نزم راگرتنی جیگا و ریکای ژناندا ، ئەوەیش ئاشکرایە لە وولاتانی ئیسلام لێدراودا ئەم زەبروزەنگییەی دژ بە ژنان لە قانونەکانی ئیسلامدا ریگەدراوە بە پیاودەست نەپارێزن تا ئاستی کوشت و بری ژنان و تا ئاستی زیندە بەچال کردنیان ولووت و گوی برینیان...

بەر پرسیارێتی ئاینەکان و کلتورە جیاوازەکان لە ئاست کیشەکانی ژناندا مانایەکی نییە جگە لەوەی کەلەوە حالی بین لەوەی دەولەت ئەتوانیت بە ئاسانی دین و کلتوور بکاتە فاکتەریکی بەهێز لە زیاتر کردنی کیشەکانی

ژناندا، بەرای من سەرجەم ئاینەکان وەبە تایبەتی دینی ئیسلام خۆیان ڕەمزو سونبلی تەواوی چەوسانەوەی ژنانن و هەموو کات بۆرژوازی وەك بەشیکی جیانەکراوە لە ژیانی ژناندا بەکاری هیناوە ..یان سیاسەتی مۆنیکلتوری باشترین هۆکارە کە وولاتانی رۆژئاوای (دیموکراسی) لە پیناو بەهێزکردنی سیاسەتی راسیستی‌دا بەکاری ئەهینن و لەم ریگایانەوە ویستوویانە تەمەن دریژی دەسەلاتیان گرینتی بکەن...